عێراق:بڕیارەکانی حەلبووسی کەمبوونەتەوە و باس لە شوێنگرەوەی پۆستەکەی دەکرێت



رۆژنامەی (العربی الجدید) رایگەیاند دیمەنی سیاسی عێراق چاوەڕوانی ئاڵۆزی زیاتر لە دەکرێت ،دوای بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی ڕۆژی سێشەممە بە کۆتایی هێنان بە ئەندامەتی سەرۆکی پەرلەمان محەمەد حەلبووسی لە پەرلەمان، ئەمەش بەهۆی ئەو سکاڵایەی کە لەلایەن پەرلەمانتارێکەوە تۆمارکرابوو کە تێیدا حەلبووسی تۆمەتبارکرا بە ساختەکردنی دەست لەکارکێشانەوەکەی لە پەرلەمان و بڕیارەکانی دواتری پارتی "تەقەدوم" کە لەلایەن سەرۆکی پەرلەمانەوە بەڕێوەبەرایەتی دەکرا ، ئەوەش 30 پەرلەمانتاری پارتەکەی حەلبووسی بایکۆتی دانیشتنی پەرمانی کرد ،هەروەها دەستلەکارکێشانەوەی 3 وەزیر.

بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی ڕۆژی سێشەممە بەهیچ شێوەیەک تانەی لێ نادرێت چونکە بەرزترین دەسەڵاتی دادوەرییە لە وڵاتەکەدا.

بڕیارەکە دوای داوایەکی یاسایی بوو کە لەلایەن پەرلەمانتاری پێشوو لەیس دولەیمی تۆمارکرا، کە تیایدا ڕایگەیاند نامەی دەست لەکارکێشانەوەکەی لەلایەن سەرۆکی پەرلەمان محەمەد حەلبووسی ساختە کراوە.

حەلبووسی لە میان بڕیارەکەدا سەرۆکایەتی دانیشتنی پەرلەمانی دەکرد و وتی " من سەرسامم بەوەی ئەوان ڕێز لە دەستوور ناگرن و ئەو بریارانەی بەیان دێت نازانین لەکوێوە هاتووە" و جەختی لەوە کردەوە کە پشت بەو ڕێوشوێنانە دەبەستن کە مافە دەستوورییەکان دەپارێزن. هەروەها وتیشی"کەسانێک هەن کە هەوڵی ناسەقامگیری وڵات دەدەن و پێکهاتە سیاسییەکانی کۆمەڵگا و پارچەپارچەبوونی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان دەکەن" و بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی بە " نامۆ و وردەکاری و بابەتەکانی ڕوون دەکرێنەوە"

لە وەڵامی بڕیارەکەی دادگادا، حیزبی تەقدوم بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە کە تیایدا چەند بڕیارێکی ڕاگەیاند، دیارترینیان ڕەتکردنەوەی بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی وەک "پێشێلکردنی دەستووری" و "بەئامانجکردنی سیاسی"، هەروەها بایکۆتکردنی دانیشتنەکانی "هاوپەیمانی بەڕێوەبردنی دەوڵەت"، کە حکومەتی پێکهێنا و هێزی سیاسی جۆراوجۆر لەخۆ دەگرێت، لەوانە هێزە شیعە و کوردییەکان کە بەشدارن لە حکومەتی محەمەد شیاع سودانی.

حکومەتی سودانیهیچ لێدوانێکی نەبوو لەسەر بریاری دەست لەکارکێشانەوەی سێ وەزیرەکە تەقەدون، سەرباری ئەوەش سودانی دوێنێ لەگەڵ حەلبووسی کۆبووەوە و جێی سەرنجە کە دەستەواژەی "سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران" لە بەیاننامەکەیدا بەکارهێنا. هەر بەگوێرەی بەیاننامەکە، سودانی جەختی کردەوە لە "گرنگی پشت بەستن بە دیالۆگ و چارەسەرکردنی هەموو کێشە سەرهەڵداوەکان لە ڕێگەی پەیوەندی نێوان هێزە سیاسییەکانەوە کە نوێنەرایەتی کۆڕەکەی سەرەکی پرسەی سیاسی دەکات."

بەگوێرەی سەرچاوەکان محەمەد حەلبوسی, سەرۆکی پەرلەمان, دەستیکردووە بە جموجۆڵ بەرەو بنکە ئاینی و عەشائیریە سونیەکان لە ناوچە جیاکان, کە ئاماژە بە بیرکردنەوەی دەکات لە پەنابردن بە جوڵاندنی شەقام.

حەلبوسی دیداری لەگەڵ کەسایەتیەکانی ئاینیەکانی کۆمەڵگەی فیقهیی عێراقی لە مزگەوتی ئیمام ئەبو حەنیفەی نوعمان ئەنجامداوە لە بەغداد, پێشئەوەی بگەڕێتەوە بۆ بۆ فەلوجەو کۆبونەوە لەگەڵ شێخ و سەرۆکی هێزەکان لەوێ ئەنجامبدات.

بەگوێرەی دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەمنیی ئێستا بێت, چانسی حەلبوسی بۆ جوڵاندنی شەقام زۆر لاوازە.

ئیحسان شمەری پەرلەمانتاری لە پارتی تەقدوم کە حەلبوسی سەرۆکایەتی دەکات بە رۆژنامەی (العربی الجدید)ی رایگەیاندووە: حەلبوسی بەنیازی جموجۆڵێکی فراوانی سیاسی و جەماوەری و یاسایە لە کاتژمێرەکانی داهاتوودا.

ئەوەی رویداوە, سیناریۆیەكە دووبارە بوەوەیە لەگەڵ هەر كەسایەتیەك كە بیانەوێت دوری بخەنەوە.

دادگا لە عێراق هەڵدەسورێنرێت و سەرپشك نیە, وەك ئاماژەیەك بۆ ئەوەی فەرمانەكەی دادگا پاڵنەری سیاسی لەپشتە.

دۆخی ئێستا نمونەییە بۆ پاكتاوكەردنی نەیارەكان و جێبەجێكردنی پرۆژە سیاسەكان, بەهۆی سەرقاڵی جیهان بە دوژمنكاری بۆ سەركرت□ی غەزە, بۆیە كەس بایەخ نادات بە لەكارخستنی كەس یان كوشتنی لەڕووی سیاسیەوە هەروەك ئەوەی رویدا بەرامبەر حەلبوسی.

بەپێی سەرچاوەكانی (العربی الجدید) بڕیارە ئەمڕۆ ژمارەیەك لەسەركردەو نوێنەری هێزە سیاسیە عەرەبیە سونییەكان كۆبونەوەیەك ئەنجامبدەن, بۆ تاوتوێكردنی شوێنگرەوەی كەسێك بۆ پۆستەكەی حەلبوسی, كە كوتلە جیاوازەكان كێبركێیانە لەسەر بەدەستهی□نانی.